# هۆکارەکانی نامۆبونی کورد بە دەسەڵاتی سیاسی لە سەردەمی یەکەمی عەباسیدا(١٣٢-٢٣٢ک/٧٤٩ -٨٥٠)

**کامران عزیز عبدالله[١]، سامان عثمان عالی[٢]**
[١] بەشی مێژو، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی مێژو، فەکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

کورد، وەک ڕەگەزێکی دیار و ناسراو، بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، شێوەیەکی نامۆیی بە سروشتی ژیانییەوە دیارە، بەو واتایەی کورد هەردەم لە ئاست هێزەکانی تر دەرنگتر بەشداریی لە پرۆسە سیاسییەکاندا کردووە، ئەو بەشدارنەبونەی کورد لە ململانێ و کێبڕکێی لە ئاست هێزەکانی تر لە چالاکیی سیاسی، وەك سروشتێکی تایبەت بە بیرکردنەوە و تێگەیشتن بۆ ڕوداو و پێشهاتەکانی دەوروبەر لێکدەدرێتەوە، لێرەدا شیکاری ئەم دیاردەیەمان کردووە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، کورد تاڕادەیەکی باش ڕۆڵی لە بانگەوازی عەباسیدا هەبوە، بەڵام دوای دروستبونی دەوڵەتەکەیان لە عێراق و بە تایبەت لە سەردەمی یەکەمی عەباسیدا(١٣٢-٢٣٢ک/ ٧٤٩- ٨٤٧ز)، کورد بەپێچەوانەی نەتەوەکانیتر هیچ ڕۆڵێکی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا نەبوە. لەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە وەڵامی هۆکارەکانی نامۆبونی کورد بەدەسەڵاتی سیاسی، لەم ماوەیە، بدەینەوە. ئەم توێژینەوەیە باس لەو هۆکارانە دەکات، کە کاریگەر بون لەسەر دۆخی هەمەلایەنی نامۆبونی کورد لە چالاکییە سیاسییەکانی سەردەمی یەکەمی عەباسیدا(١٣٢-٢٣٢ک/٧٤٩-٨٤٧ز). کە خۆی لە چەند لایەنێک دەبینێتەوە، لەسەروی هەموویانەوە، ژێردەستەیی کورد کە بۆ سەردەمی پێش هاتنی ئاینی ئیسلامیش دەگەڕێتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ناکارایی کورد کردووە لە پرۆسەی سیاسی لەم قۆناغەدا. بە پێچەوانەوە هەندێ کات، کورد ڕۆڵی لە بەرەی هێزەکانی دژە ناوەند، دورەپەرێزی لە ناوەند هەبوە، بەشێک لەمەش پەیوەندیی بە ژیانی کورد و سروشتی کۆچەرییەوە هەبو. لەگەڵ شوناسی مانەوەی کورد لەنێو ئەو هەمو ئاڵنگارییانە. لە بەرئەنجامی بە نامۆبونی کورد، تیشك دەخرێتە سەر کاریگەریی لەسەر گۆڕانکاری و چالاکیی سیاسیی هێزەکان لە ئاست ئەو دۆخەی کورد تێیدا چەقبەستو بووە، لە هەمان کاتدا ئەم باسانە چ کاریگەرییەکی لەسەر هزری ئاوەدانی هەیە، لە پەلکێشکردنی کۆمەڵگە بۆ بەناوەندنەبونی سیاسی، هەروەها کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردتۆتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی، بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخەش پێویستی بە تێپەڕاندنی هۆکارەکانی بەنامۆبون هەیە.

**وشە سەرەکییەکان:** کورد، نامۆبون ، چالاکیی سیاسی، ناوەندی دەسەڵات،عەباسییەکان

## پێشەکی [1]

نامۆبونی سیاسی، یەکێکە لە بابەتە زیندووەکانی مێژوی کورد، لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژو تا ئەمڕۆش، کورد لەژێر کاریگەریی بەشێکی زۆری ئەو بەنامۆبونەدایە، بە هەمان فۆڕمە سیاسی و جوگرافییە چەقبەستووەکەی ماوەتەوە و نەیتوانیوە خۆی لە گرێ و لێکەوتەکانی نامۆبون دەربازبکات، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بو بۆ ئەوەی چەردەیەک لە هۆکاری بەنامۆبون لە دەسەڵاتی سیاسی بخەینەڕوو، کە تاڕادەیەکی زۆر هۆیەکی سەرەکی بو لەبەردەم بنیاد نەنانی ناوەندێکی کورد، لە هەمانکاتدا نەیتوانیوە هاوشێوەی هێزەکانی تر ڕۆلگێڕ و سەرکێشیی چالاکیی سیاسی بکات، وەک چۆن هێزەکانی دیکە لەم ڕێگەیەوە بە دەسەڵات گەیشتوون.

ئەگەرچی چوارچێوەی توێژینەوەکە لەنێوان (١٣٢-٢٣٢ک/٧٤٩-٨٤٧ز)، لە سەردەمی حوکمڕانی خەلافەتی یەکەمی عەباسیدایە، کە لەم ماوەیە باڵادەستیی ڕەگەزی فارس و هاتنی ڕەگەزی تورک بۆ عێراق لەخۆدەگرێت، بەڵام گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدایە، کە هۆکارەکانی نامۆبونی کورد بە دەسەڵاتی سیاسی پرۆسەیەکی کەڵەکە بووە و بە یەک قۆناغی مێژویی پەیوەست نییە. هەروەها هۆکارەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ لەسەر ئاستی دەرەکی، هۆکاری بۆماوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوییی، تەنانەت هەندێجار پەیوەندیی بەو لۆژیکە سیاسییەوە هەبوە کە کورد بەر لە هاتنی ئیسلام تێدا گوزەری کردووە، کارلێکی زەمەنە جیاوازەکان، حیکمەتی مێژویی و زیندوێتیی ئەو زانستەی پشتڕاست کردۆتەوە، بەوەی بەڕونی کاریگەری و لێکەوتەکانی زەمەن و قۆناغە مێژووییەکانی لەسەر کورد ساغکردۆتەوە، بۆیە لە هەندێ باردا بە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکە پەیوەست نەبووین.

لێرەدا ئامانجمان ئەوەیە، هۆکارەکانی ئەم نامۆبونە بخەینەڕو، بۆیە سروشتی

---

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)

ڕێککەوتی وەرگرتن ٢٥ حوزەیران ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٣ ئاب ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٥ ئاب ٢٠٢٥ بلاوکراوەتەوە.

ئیمەیلی توێژەر: kamaran.aziz@koyauniversity.org

مافی چاپ و بلاوکردنەوە © ٢٠٢٥ کامران عزیز عبداللە، سامان عثمان عالی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp456-463

توێژینەوەکەمان لەسەر ئەو بنەمایە دارشتووە، کە خۆی لە دەروازەیەک و پێنج خاڵدا دەبینێتەوە. لە دەروازەدا ئاماژەیەکمان بە چەمکی نامۆبون کردووە، هەروەها تیشکمان خستۆتە سەر رۆڵی کورد لە بانگەوازی عەباسیدا. دواتر هۆکارەکانی بەنامۆبونی کوردمان بە دەسەڵاتی سیاسی لە پێنج خاڵدا خستۆتەڕو. لە خاڵی یەکەمدا لە هۆکاری مێژویی نامۆبونی کورد دواوین. لە خاڵی دووەم باس لە ناکارایی کورد دەکەین لە پرۆسەی سیاسی لەم قۆناغەدا. لە خاڵی سێیەم ئاماژە بە رۆڵی کورد دەکەین لەبەرەی هێزەکانی دژە ناوەندا. هەرچی خاڵی چوارەمە، لە دورەپەرێزیی کورد و نەبونی شاری گەورەی کوردی دواوین. لە خاڵی پێنجەمدا ئاماژەمان بۆ ژیانی کورد و سروشتی کۆچەریی کردووە، لەگەڵ شوناسی مانەوەی کورد لەنێو ئەو هەمو ئاڵنگارییانەدا، لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستووەتە ڕو.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکاریمان بەکارهێناوە، بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان و شیکردنەوەی دەقەکان، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەبوو بە هۆی نەبونی دەسەڵاتی سیاسیی خۆماڵیی کوردی لەم قۆناغەدا مێژوەکەشی هەژارە، بە بەراورد بە مێژوی نەتەوەکانی تر لە ناوچەکەدا.

## ١. چەمکی نامۆبون و ڕۆڵی کورد لە بانگەوازی عەباسیدا

### ١.١ نامۆبون

وشەی (نامۆبونی کوردی، بەرانبەر بە وشەی ( الاغتراب )ی عەرەبی و (Alienation)ی ئینگلیزی دەوەستێتەوە (محمد، ٢٠٢٠: ١٠٨). نامۆبون لەو چەماکانەیە، کە بە درێژایی مێژو، بەگوێرەی مەبەست و کات و سەردەم، گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە و بەگوێرەی دونیابینیی کەسەکان گۆڕاوە( قادر، ٢٠١١: ٥٧). بە یەکێک لەو چەمکانە دادەنرێت، کە نارونیی زۆری پێوەدیارە، چونکە لە زۆر بواری ژیاندا بەکارهێنراوە، بەتایبەتی لە بواری دەرونی و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت لە شوێن و کاتی جیاوازدا بە مەبەست و واتای جیاواز سودی لێوەرگیراوە، بە هۆی دەوڵەمەندی و بەیاخپێدانی هزری فەلسەفیی چەمکەکەوە (عبداللە، ٢٠٠٥: ٢٢). لەفەرهەنگی فەلسەفیدا نامۆبون نێوان ماهیەت و بون نەگونجانە لەگەڵ بارودۆخی ڕاستەقینە (زیادە، ١٩٨٦: ٣٩).

ئاشنانەبون بەو دۆخ و دابڕان و بێڕۆڵبونی تاکی هەر کۆمەڵگایەک لە ڕاستەخۆ نامۆبونی سیاسی دەئافرێنێت، کە ڕەنگدانەوەی گشتی لەسەر کۆی کایەکانی ژیان دەبێت، لە سەروی هەموشیانەوە ژیاری تاکەکان. نامۆبونی سیاسی ترسناکترین نامۆبونە، کە بەرۆکی کۆمەڵەیەکی مرۆیی بگرێتەوە، چونکە مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە هەست بە بێڕۆڵیی خۆی دەکات لە پرۆسەی سیاسیدا و ناوەندی بڕیاردانیش گرنگی و بایەخی پێنادەن (خەلیفە، ٢٠٠٣: ٩٧)، ئەمەش ڕاستەخۆ هەستی دابڕان لە واقع بەسەر ئەم کۆمەڵەیە دەسەپێنت، کە لە لایەن دەوربەرەوە بە نامۆ سەیر دەکرێن و توانای تێکەڵاوبونیان لەدەستدەدەن (میلود، ٢٠١٥: ١٧)، ئەمەش چەند سیمایەک لەو کۆمەڵگەیە بەدیاردەخات، وەک ئیبن خەلدون ئاماژەی بۆ دەکات، بریتین لە "نەبونی متمانە و کەنارگیری و خۆبەکەمزانین" (٢٠١٦: ١/ ٣٤٢)، هەروەها تێکشکاوی و کۆمەڵ-کۆمەڵ بون و دورکەوتنەوە (میبچ، ٢٠١٠، ٢٦)، ئەوەش دەسپێکی نائارامی و دورکەوتنەوە لە ئاوێتەبون و ئاشنابون بە دەسەڵات و زۆرینەیەکی بێڕۆڵی لێدەکەوێتەوە، دەسەڵاتیش هەمیشە هەوڵی سەپاندنی هەژمونیان بەسەردا دەدات، ئەوەش ناجێگیری و نامۆبونیان بەدوا دادێت، وا هەستدەکەن کە دەسەڵاتی کەمینە خۆی بەسەردا سەپاندون، خۆشیان بێدەسەڵات دەبینن و وەهاش وێنادەکەن کە لەوپەڕی چەوسانەوەدان، بۆیە نامۆبون باڵ بەسەر بارودۆخەکەدا دەکێشێت (ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ١/ ٦٨٣؛ حماد، ٢٠٠٥، ١١٦- ١١٧، ١٧٤-١٧٥). کەواتە نامۆبونی سیاسی خولقێنەری نامۆبونە بە دەسەڵات، نامۆ بە دەسەڵاتیش نامۆبونە بە هێز. ئەم جۆرانەی نامۆیی، نامۆیی کلتور و هزری و شارنشینی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دواجار لەم جۆرانە شێوازێکی ژیان پەرەدەسەنێت، ئەویش بریتیە لە کەنارکەوتن (ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ١/٣٤٢-٣٥٦-٣٧٨؛ ٢/ ٣٥-١٠٢-١٠٣).

## ٢. کورد و بانگەوازی عەباسی

بانگەوازی عەباسی، لەلایەن نەوەکانی عەباسی مامی پێغەمبەر (د. خ) دژی دەوڵەتی ئەمەوی سەریهەڵدا و هەوڵەکانی خۆیان خستەگەڕ. سەرەتای هەوڵەکانیان بۆ بانگەوازەکەیان، بە ڕێکخستنی نهێنی دەستیان پێکرد و زیاتر تیشکیان خستە سەر ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی، زۆر بە وردی و نهێنی دژی دەوڵەت دەستیان بە جولە کرد. لە سەردەمی محمد کوڕی علی کوڕی عبداللە کوڕی عەباس(م ١٢٤ک/ ٧٤٢ز)، هەروەها کوڕەکەی ئیبراهیمی کوڕی محمد(م ١٣٢ک/ ٧٤٩ز)، لە ژێر دورشمی (الرضا من آل محمد) پەرەیان بەم ڕێکخستنە دا و تیشکیان خستە سەر ڕوخاندنی دەوڵەتی ئەمەوی، تاکو دەوڵەتی نوێ دروست بکەن. شایەنی باسە بارەگای سەرەکییان لە حەمیمە بو، لە کوفەش بارەگایان هەبوە ئەگەرچی زۆر بە نهێنی چالاکییان ئەنجامدەدا (الدینوري، ١٣٣٠هـ : ٣٤٣؛ مؤلف مجهول، ١٩٧١: ١٩١- ٢١٩).

ئەم بانگەوازە کاریگەریی لەسەر کورد و ناوچە کوردییەکانیش هەبوە؛ بەو پێیەی بەشێکی زۆری خاکی کوردان کەوتۆتە سەر ڕێگای نێوان ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی، ئەمەش بە هۆیەک دادەنرێت، کە کوردیش کەتۆتە ژێر کاریگەریی سەرهەڵدان و گۆڕانکاریی ڕژێمی سیاسی، کە ئەبو موسلیم خوڕاسانی ڕۆڵی مەزن و یەکلاکەرەوەی لە سەرکەوتن و گەیاندنی بانگەوازی عەباسیدا هەبو، (الدینوري، ١٣٣٠هـ : ٣٤٣؛ ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠: ٨ /٣٠١٦- ٣٠٢١)، وەکو کەسێکی کورد وێناکراوە، کوردبونی ئەبو موسلیم تەنها گۆتنێکی شاعیرانەی تەنز ئامێزە ئاماژەی بۆکراوە، وەک ( ابو دُلامە) لەم بارەیەوە دەڵێت:

**أبا مجرمٍ ما غيرَالله نِعمةً**
**على عبدِهِ حتى يغيرَها العبدُ**
**أفي دولةِ المهدي حاولةَ غدرةً**
**ألا إن أهل الغدرِ آباؤك الكرد** ( مؤلف مجهول، ١٣٩١هـ : ٢٥٦).

کوردبونی ئەبو موسلیم لە ژێر گریمانەی سەرچاوە بەردەستەکاندایە، بەڵام ئەوەی پشتڕاست کراوەتەوە، کورد لە بانەگەوازی عەباسیدا ڕۆڵی هەبوە، ئەمە هەر لەم لایەنە خۆیان نەبینیوەتەوە، بەڵکو ناوچەی کوردنشین دەروازەیەک بووە لە دەروازەکانی گەیشتنی بانگەوازی عەباسی و هاتنی هێزە نەیارەکانی دەسەڵاتی ناوەندی(مؤلف مجهول، ١٩٧١: ٣٥٦-٣٦٣،٣٦١)، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریش هێزەکانی دەسەڵاتی ئەمەوی بە سەرکردایەتیی خەلیفەی ئەمەوی مەڕوان کوڕی محمد(١٢٧-١٣٢ک/٧٤٤-٧٥٠ز) لە ناوچەی زاب، کە ناوچەیەکی کوردنشین بووە، خۆی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هێزەکانی بانگەوازی عەباسی ئامادەکردبو، سەرەنجام جەنگێکی بەهێز لەنێوان هەردو لا، لەساڵی (١٣٢ک/ ٧٤٩ز)، ڕویدا. (ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠: ٨/ ٣٠٧٢-٣٠٧٣؛ النقشبندي، ١٩٧٥، ١٧٧؛ تۆفیق، ٢٠٢، ٦٨).

لە ماوەی جەنگەکەدا خەلیفەی ئەمەوی باس لە کارایی هێزی کورد و ڕۆڵی کورد لە سەرخستنی بانگەوازی عەباسی دەکات؛ بەو پێیەی ئاماژەی بۆ هێزی شارەزورییەکان کردووە لە ناو ئەو سوپایەی کە هاتووە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی سوپای ئەمەوی، ئەگەرچی

ئەم باسکردنەی دو لایەن دەخاتە بەرچاو. لایەنی یەکەم، هێزەکە وەکو هێزێکی نائاگا و بێتوانا وەسف دەکات، ئەمەش شتێکی سروشتیی مەیدانی جەنگە؛ تاکو ورەی سوپاکەی لەسەر حیسابی هێزی بەرانبەر بەرزبکاتەوە. لایەنی دووەم، بێ مەبەست دانانە بە رۆڵی کورد وەکو رەگەزێکی کارا لە سەرخستنی بانگەوازی عەباسی، کە توانیشیان ململانێکە لە بەرژوەندیی خۆیان یەکلابکەنەوە دژی دەسەڵاتی ئەمەوی (الأزدي،١٩٦٧: ١٢٨). ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێ کورد لە بەرەی دەسەڵاتی ئەمەوی نەبوبێت، بەڵکو پێکهاتەیەکی گرنگی پێکهێنەری سوپای دەوڵەتی ئەمەوی بووە، چونکە بەشێکی لە خەڵکی شام و جەزیرە پێکهاتبو، وەکو رونیشە لەو قۆناغە مێژوییە کورد بەشی سەرەکی و زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکەبووە (المسعودي، ١٩٨١: ٣/ ٢٤٩ ).

لێرە بۆمان روووندەبێتەوە، کورد لەم قۆناغەدا، کەموزۆر، لە ناو رووداو و پێشهاتە سیاسییەکاندا پشکی هەبوە، بەڵام ئەمە وەکو سەرباز نەک وەکو بزوێنەر و خاوەن رووداوەکان، تەنانەت ئەو رۆڵهەبونەشی نەبۆتە بناغەی خۆ جێگیرکردن لە نێو سیستەم و دەسەڵاتداریەتی عەباسی، یاخود لە جومگەکانی دەسەڵاتدا جێگیر نەبوە، بەڵکو دەچێتە قۆناغێکی نامۆیی لەناو دەوڵەت تەواو بێرۆڵ و بێکردار دەبێت، ئەگەر پشت بە گێڕان و بیرکردنەوە رەخنەییەکان ببەستن ئەوا پشتڕاست دەبێتەوە، کورد شایەنی رۆڵێگێڕانی زۆرتر و کاریگەریی فراوانترە.

## ٢. هۆکارەکانی نامۆبونی کورد بە دەسەڵاتی سیاسی

### ١.٢ هۆکاری مێژویی و کاریگەرییەکانی

مێژو خاوەن هێزێکی مەزنی هەمەلایەنی کارتێکەرە لەسەر پاشخانی مەعریفی و ئاگایی مرۆڤی هەر کۆمەڵگایەک، بەرادەیەک تەنانەت مرۆڤەکان بە نەوەی ئەو مێژووە دێنە ئەژمار، کە پێشینانی کۆمەڵگاکە پێیدا گوزەریانکردووە و ئافراندویانە، هەر بۆیەش مێژو رەنگدانەوەی پڕبایەخی لەسەر داهاتووی نەوەکان و تێگەیشتنیان سەبارەت بە دونیابینی و لێکدانەوەیان بۆ رووداو و پێشهاتەکان هەیە. کوردیش وەکو هەر پێکهاتە و رەگەزێک دەکەوێتە نێو ئەو چوارچێوەیە کە مێژو جێنەخشی خۆی لە زەینی مرۆڤی کورددا کێشاوە، لە قۆناغە مێژوییە جیاوازەکاندا، بونی کورد لەناو بونی سروشتی کۆی پێکهاتەکەیدایە، هەروەها هیچ مرۆڤێک بەتەنها بەرهەمی دایک و باوکی نییە، بەڵکو بەری زنجیرەی باوانیشیانن، کە بۆ مێژو دەگەڕێنەوە (مستەفا، ٢٠١٨: ٢٥٦، ٢٧١).

ئەم قۆناغەی ئێمە تیشکمان خستۆتەسەر قۆناغی هەستیاری ململانێی سەختی هێزەکانی ناوەند و گۆڕانکارییە مەزنەکەن لە جوگرافیای هاوسنوری وڵاتی کوردان، بەڵام کورد وەکو رەگەزێکی نامۆ و نائاشنا و بێرۆڵ بەرچاودەکەوێت بە بەراورد بە قۆناغ و هێزە هاوسنورەکانی، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو هاوشێوەی پێکهاتەکان بێهێز و بێکاریگەرییە، لە نێو رووداوەکانیش نە لە شانی بەرپرسیارێتییە نە پێشەنگی میلی بەرەنگاری و سەرکردایەتیی دژی ئەو گۆڕانکارییانەیە، دەکرێ ئەمە پەیوەندیی بە پرسێکی مێژوی پێش ئەو قۆناغەوە هەبێت، کە کورد وەکو رەگەز ئەوەندە خراوەتە پەراوێز تەنانەت دەسەڵات و سیستەمی فەرمانڕەوایشی لا نامۆ و نائاشنا بووە، دەکرێ ئەم پرسە پەیوەندیی بە سیاسەتی هێزی ساسانی و بێزەنتیەوە هەبێت، کە کورد بەرداشی نێو ململانێی ئەو دو هێزە بووە، ئەگەرچی لەدوای سەدەی ٤ی کۆچی سەدەی ١٠زایینی، کوردیش رۆڵی مێژوییی خۆی دەگێڕێت، بەڵام ئەم ماوە مێژوییە کاریگەریی قۆناغی مێژو کردی پێشوترە کە ئاماژەمان بۆ کرد. (ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠، ١٢/ ٤٢٧٣؛ ناو خۆش، ٢٠١٦، ٤٦--٤٩).

لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی ساسانی، سەرباری ئەوەی بەشێکی زۆری خاکی کوردان بووە بەشێك لەم قەوارە سیاسییە و دەسەڵاتەکانی بە پایەتەختی ئیمپراتۆری ساسانی وابەستە کرا، کەچی کورد نەیتوانی وەك ساسانییەکان قەوارەیەکی وەها بۆ خۆی دروست بکات. هەر بۆیە وەك پێکهاتەیەکی دەوڵەتەکە و دور لە بڕیاری سیاسی ژیانیان بەرێ کرد و ئەو خزمەتانەیشی بەشێك لە کوردەکان لە پۆستەکانیاندا کردیان، بە سودی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و فارسەکان کۆتاییان هات. لە ماوەی کۆتاییی دەسەڵاتی سیاسیی ساسانییەکان، لە سەرچاوەکان هەرگیز ئاماژە بۆ هەبونی دەسەڵاتێکی خۆماڵیی کوردی نەکراوە، هەروەها بۆ سەردەمی دەسەڵاتی بێزەنتیەکانیش ئەوە هەر راستە، واتا دەسەڵاتی ئەم دو هێزە جگە لە هەژمونی خۆیان رێگەیان لەبەردەم هێزی نوێی سیاسی نەهێشتۆتەوە، تەنانەت خاکی کوردان کرابو بە مەیدانی ململانێ و جەنگەکانیان(ناوخۆش، ٢٠١٦، ٣٤)، ئەم نامۆبونە بە دەسەڵاتی سیاسی، چەندە پەیوەندیی بە کورد هەبوبێت، هێندەش پەیوەندیی بە سیاسەتی هێزی داگیرکاری خاکی کوردان هەبوە، ئەمە لە سەردەمی فەتحی موسوڵمانەکانیش بەرونی دەردەکەوێ، لە نامۆبونی کورد بە خاک و نیشتمانی خۆی وەک رەگەزێکی سەربەخۆ(المسعودي، ١٩٨١: ٧٨)، بۆیە لە قۆناغی گەیشتنی هێزە موسوڵمانەکان بە دێهات و ناوچە کوردییەکان، سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ هەبونی هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی لە هیچ شوێنێکی خاکی کوردان نەکردووە. ڕاستە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ هەبونی هەندێک روبەڕوبونەوەی سەخت لە ناوچە کوردییەکان دەکەن، بەتایبەت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانی، کوردەکان بونەتە قوربانیی ململانێی نێوان هەردو هێز، واتا دەتوانین بڵێین ژمارەیەک لە رەگەزی کورد لە چوارچێوەی سوپای ساسانی لەسەر خاکی خۆی بەشداریی روبەڕوبونەوەی سوپای موسڵمانەکان بون، بەڵام بەهۆی نەبونی مێژوێکی دەسەڵاتداری خۆماڵی هەوڵەکان ناوچەیی و بێ کاریگەری بون(ئەنوەر، ٢٠١٩: ٦٨-٧١).

هەرچەندە خاکی کوردان بووە دەروازەی گەیشتنی پەیامهێنانەکانی ئایینی ئیسلام و بڵاوبونەوەیان (البلاذري، ١٩٠٠: ٣٠٩- ٣١١؛ ئەنوەر، ٢٠١٩: ٦٥ )، بەڵام رەنگدانەوەی گەورەی لەسەر تێکەڵاونەبونی کورد لەگەڵ شارستانیەتی ئیسلامی لە قۆناغی سەرەتا بە رونی بەکوردەوە دیارە، ئەمەش دەرخەری ئەو راستییە مێژووییەیە، کە مێژو هۆیەکی گرنگە و کاریگەریی لەسەر ئاگایی مرۆڤ و کۆمەڵگا و تەواوی پێشهاتەکانی ئایندەسازی هەیە و کاریگەریی مێژو لەسەر مرۆڤ کاریگەرییەکی حاشا هەڵنەگرە، بۆیە نامۆبون کاتێک رەنگدانەوەی خۆی دەردەخات، کە نامۆبونی مێژوی چەندین نەوە لەنێو خوو نەریتێک دەسەتەمۆ دەکات لە ئاشنایی و ئاگایی سیاسی لە مێژو دایاندەبڕێت، بەم هۆیەشەوە نامۆبون خۆی بەسەر کۆمەڵەک دادەسپێنیت (مستەفا، ٢٠١٨، ٢٧١) بەهۆی نەبونی ئەزمونی سیاسیی خۆماڵیی کورد جگە لە جەنگەکانی نهاوەند و جەلەولا بەشێکی زۆری ناوچەکان بە ئاشتی بە روی موسوڵمانەکاندا کرانەوە، چ ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی ساسانی و چ ئەوانیشی ژێر دەسەڵاتی بێزەنتی( البلاذري، ١٩٠٠: ٢٩٩؛ الكوفي، ٢٠١١ :ج١/ ٢١٥،٢٨٨)، ئەگەرچی هەوڵی ناوچەییش هەبون لەوەی روبەڕوی هێزی نوێ ببنەوە( ابن خياط، ١٩٧٧: ١٣٩)، بەڵام هەر خودی پەرتبون بۆشایی هێزی سیاسی و پێویستی و کاریگەرییە مێژوییەکانی دەریدەخەن، کە چەندە کوردی لە رووداوە مێژوییەکان و قۆناغە سیاسییەکانی دابڕاندووە، هەر ئەمەش وایکردوە کورد لە حوکمڕانیدا ئەزموندار نەبێت

و لە ئەنجامی ژێردەستەیی بارودۆخێکی دەرونیی وای بۆ دروستبووە، کە خۆی بە شایستە نەزانێت، بۆیە لە سەرەتاکانی ئیسلام و سەردەمی یەکەمی عەباسیدا بە دەسەڵاتی سیاسی نامۆبووە و لە پۆستی باڵای نێو کایەی سیاسی دورە.

## ٢.٢ ناکارایی کورد

لە کاتێدا کورد بەچەندین پاساو و بەڵگە ڕەوایەتیی ئەوەی هەبو لەهەر پێکهاتە و ڕەگەزێکی تری ناکوردی ڕۆڵ بگێڕێت، بەو پێیەی حەشامەتێکی زۆرن و لەژمارە نەدەهاتن و لەناوچەیەکی بەرفرانی جوگرافیش بڵاوبونەوە، لەهەمان کاتدا خاکەکەشیان هاوسنور و نزیک بووە لە ناوەند، هاوشێوەی ڕەگەز و پێکهاتەکانی تر (ابن دانیال الموصلي، ٢٠٠٩: ٣١١؛ العمري،١٣١٢هـ : ٣٧-٣٨ )، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ کورد سەرباری بەهێزی و زۆریی ژمارەیان(ابن الساعي، ١٣٠٩هـ :١٣٧) و تەنانەت نزیکیی لە بنکەی دەسەڵاتی بڕیاردان، کەچی وەکو ڕەگەزێکی ونبو و نامۆ و ناکارا بەگۆڕانکاری، لە بەرانبەر ڕەگەزە سەردەستەکان ماوەتەوە، کورد لەم نامۆبونە دەربازی نەبووە هەر بە پەراوێزکەوتویی بەردەوامییان بە ژیان و ژیاریانداوە (ئەلخەلیل، ٢٠١١: ١٢٦-١٣٤،١٣١). بێڕۆڵ و ناکارایی و نامۆبونی کورد لە سەردەمی دەسەڵاتی عەباسیی یەکەم (١٣٢ک- ٢٣٢ک/٧٤٩-٨٤٧ز) بەڕونی بەرچاودەکەوێت، ئەمە لەکاتێکدایە ڕەگەزەکانی تر خاوەنی چەندین پێگە و دەسەڵات و بزوتنەوەی ناڕازین لەم قۆناغەدا (حسن، خضر، ٢٠٢٠: ٢٩٩-٣٠٢)، ئەم ناکاراییەی لە ترس لە ئەوانی تر سەرچاوەی نەگرتووە، چونکە سەرچاوەکان دان بەوەدادەنێن، کە کورد گرفتی ترسی نەبووە لەچاو پێکهاتەکانی تر جەسورتر بووە (الدینوري،١٣٣٠هـ : ١٠٤؛ السیوطي، ١٩٦٨: ٢/ ٣٣٧).

دەسەڵات تەسک و قۆرخکاری و نادادیی زۆری، لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی دەسەڵاتدار، تێدا بەرجەستە بوبو، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەش ناکاریی کورد، کەموزۆر، لەسەر خۆی کەوتووە، سەرباری ڕەخسانی دەرفەت و نزیکی لە مەڵبەندی دەسەڵات لە بەغدا و هەبونی ململانێی بەردەوامیش لەم قۆناغەدا، بەڵام کورد وەکو ڕەگەزێکی ناکارا و دورەپەرێز ماوەتەوە، کەچی زۆر لە هێزەکانی تر سودیان لە ململانێ و ڕەخسانی دەرفەتەکان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بتوانن لە ناوەندی دەسەڵات ئەو هێزەبن کە پایەکانی هێزی ناوەند ڕابگرن، ئەوەش وایکردووە ئەوان بتوانن متمانەی دەسەڵاتی ناوەندی وەربگرن، بەم هۆیەش توانراوە بەرژەوەندیی مەزن و مانەوەی خۆشیان مسۆگەر بکەن (حسن، خضر، ٢٠٢٠: ٣٠٥--٣٠٧) .

ئەوە ڕونە ناکارایی لە نامۆبون سەرچاوە دەگرێت، نامۆبونیش بەشێکی خەسڵەتێکە پەیوەندیی بە نائاگاییەوە هەیە، نائاگاییش هەمیشە مرۆڤ بەرەو پەراوێز دەبات و دەرفەتی کرانەوەی بە ڕودا بەرتەسک دەکاتەوە و سنورەکانی هێز و ئیرادە و هەستکردن بە تواناکان لاوازدەبن، چونکە بەکارنەهێنانی ئەم توانایانە وا دەکات نەوە لە دوای نەوە ئاستی متمانەبەخۆبونیان بەرەو لاوازی دەچێت، دەرفەتی دەرچون لە زۆنی پاراستنی جیاوازییەکان لاواز دەبێت، مانەوەش لەم زۆنە وا دەکات گەشەی گشتگیری دەمارگیری لاوازبێت و دەمارگیریش ئەساسێکی کارابونە، وەکو ئیبن خەلدون دەڵێت: (چەندە دەمارگیری بەهێزبێت ئەوندەش ئاستی فراوانخوازی گەشەی دەکات)(٢٠١٦: ١/ ٤٨٣). کاتێک مێژو لەسەر گریمان دادەڕێژین، دەربارەی پێکهاتەی کورد لەم قۆناغە، ئەوە تەواوی پرسی ناکاریی کورد دەخاتە پێشچاو، ئەوەش ڕوندەکاتەوە کە کورد بە دەسەڵات و سیستەم و بەڕێوەبردن نامۆبووە، چونکە هیچ سەرچاوەیەک بەردەست نییە، کە کورد لەم قۆناغە ڕۆڵی لە دەزگایەکی گەورەی بەڕێوەبردن و تەنانەت وەکو بەرپرسی ناوچەیەکیش دیاری کرابێت، بەڵام ڕەگەزی فارس توانیویانە بگەنە بەرزترین پایەی دەسەڵات لە دوای خەلیفەی عەباسی، ڕۆلی گرنگیش لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا ببینن، بێ بەربەست بن لە بارەگای خەلیفەی عەباسی (ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠: ٩/ ٣٤٦٠-٣٤٦١)، هەروەها لە پاش سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەی عەباسی (مەئمون ١٩٨-٢١٨ک/ ٨١٤-٨٣٣ز)، ئیدی ڕۆڵی هاتنی ڕەگەزێکی تر بۆ ناوەوەی دەوڵەت بەتەواوی باڵ بەسەر باس و پرسەکانی قۆناغەکەدا دەگرێت، تەنانەت ئەوەش دەرگای پرسی نامۆبون بەسەر کورددا دەکاتەوە؛ ڕۆڵی ئەو هێز و ڕەگەزانە لەسەر دەوڵەت چەندە فراوان و کاریگەربون، ئەوندەش بەرگی نامۆیی سیمای ڕەگەزی کوردی دادەپۆشت، چونکە ناکاریی کوردە وەکو هێز و ڕەگەز، وادەکات کە ڕەگەزێکی تری وەک تورک لە پایتەختی دەوڵەت دەست بەسەر پۆستی خەلافەتیش دادەگرێت، تەنانەت خودی خەلیفەش لە ئاستیان وەکو کارەکتەرێک بێڕۆڵ و ناکارا دەبێت (ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠: ١٠/ ٣٨٧٢، ٣٩٠٢—٣٩٠٤، ٣٩٠٧؛ طقوش، ٢٠١٥: ٢٠٢)، ئەوانیش بەتەواوی شوێن بە هەردو ڕەگەزی فارس و عەرەب لەق دەکەن، بەم هۆیەش کورد وەکو ڕەگەز و پێکهاتەیەکی خاوەن جوگرافیا و ڕەسەنی ناوچەکە ون و بێڕۆڵ و ناکارای قۆناغەکەیە. (ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ١/ ١٥٨- ١٥٩- ١٦٠؛ طقوش، ٢٠١٥: ١٨٧- ١٨٨).

ناکاریی لە مەیدانی سیاسی، ناکارایە لە ژیانی ئابوری و مانەوە بە شێوازێکی خۆبژێویی داخراو و دژوار لەچاو ڕەگەز و پێکهاتەکانی ناوچەکە و دواکەتویی لە ڕوی شارستانیەتەوە، ئەمەش وادەکات هێزەکانی دیکە هەمیشە بە کارزانی و لێزانی لە سیاسەت و بەڕێوەبردن سودی لێوەربگرن و لە قۆناغە مێژوییەکاندا بۆ بەرژەوەندییە ئابوری و سەربازییەکانی خۆیان، لەکاتی پێویستدا، بەکاری بهێنن، لەکاتەکانی تریش فەرامۆش و ناکارا بکرێ (ئەلخەلیل، :١٢٦-١٦٨،١٢٧-١٧٠).

## ٣.٢ کورد لە بەرەی هێزی یاخی لە ناوەند

هۆکارێکی دیکەی سیاسیی گرنگ، بونی کوردە لە بەرەی هێزی یاخیبون، ئەو ناوچانەی هاوسنوری خاکی کوردان بون، هەمیشە مایەی مەترسی و پشکۆی ناڕەزایەتی بون دژی خەلافەتی عەباسی. ئەو ناڕەزایەتییانەش هەندێکجار مەترسیی هەمەلایەنی لە سەردەوڵەت هەبو؛ کاریگەریی هەم لەسەر دەوڵەت و هەم لەسەر ناوچەکانی تری سەر بە دەوڵەتی عەباسی هەبو، هەندێکجار ناوچە کوردنشینەکان بەشێکی ئەم ناوچە ناڕەزایەتییانە بون( حسن، خضر، ٢٠٢٠: ٣٠٢). وەکو لە پێشوتر ئاماژەمان بۆ کرد، نامۆبون ساتەوەختێک دێتەبون کە مرۆڤ ئاشنای گۆڕانکاری و چواردەوری نەبێت، ئەم بازنەی ئاگاییەی خۆی تێیدایە دەیەوێت پارێزگاری لێبکات، هەندێ جاریش ئاشنانەبون و ئاگانەبون مرۆڤەکانی پەرتەوازە کردووە، کوردیش لە مێژودا لەنێو بازنەی نامۆبون لە ڕوانەگەی هێزەکانی دەوروپشتی و لەڕوانگەی خۆشی بۆ هێزی ناوەند تێڕوانینی نامۆی هەبوە، بەم هۆیە هەمیشە لەو سەرزەمینەی خۆی قوربانیی ململانێکان و لایەنی بێلایەنی قوربانیی ڕوداوەکان بووە، کە ئەمەش ناکرێ هێزی خاوەن ستراتیژ و نەیاری ناوەند و هێزی ناوەندیش بە تاوانبار ئەژمار بکرێ، چونکە لەنێو دونیای دەسەڵاتدا، هەمیشە هێز لەپێناو پاراستن و مانەوەی خۆی قورسترین بژاردەکان دەخاتەگەڕ، ئەمەش شتێکی چاوەڕواننەکراو نییە، کاتێک هێزەکان ململانێیان هێناتەوە سەر خاکی کوردان، جەنگی مسۆگەرکردنی دەسەڵات و مانەوەی لە دەسەڵات و پێنەدانی دەسەڵاتیان کردووە. هەروەکو ڕونە جەنگی زاب لە ساڵی (١٣٢ک/ ٧٤٩ز) لەسەر خاکی کوردان ڕویداوە لەنێوان سوپای ئەمەوی و عەباسی، کە تێیدا ئەمەوییەکان بەتوندی شکان (ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠: ٨/ ٣٠٧١؛ ئەنوەر،

٢٠١٩: ٧٧)، مێژوش هەمیشە ئەو ئاگاییەی گەیاندووە لە هەرکوێ جەنگ بو، ناوچەکە و خەلکەکەی زیانمەندی سەرەکین، چونکە هەردو لایەنی شەڕکەر سود لە خەلک و ناوچەکەش وەردەگرن.

لە مێژودا شتێکی سروشتیە کاتێک ناوچەیەک بۆشایی سیاسی دەبێت، یاخود ناوچەیەکی پەراوێزخراون، ئەو هێزانەی کە ئامانج و ستراتیژی سیاسییان هەیە، سود لە توانای مادی و مرۆیی ئەو ناوچانە وەربگرن، ئەوەش بەڕونی لەناوچە کوردییەکان بەرچاو دەکەوێت، کاتێک بزونتەوە نارازییەکانی  دژی خەلافەتی عەباسی بەشێکی نارەزایەتی و پێگەی خۆیان بۆ هەرێمە کوردنشینەکان دەگواستەوە، سودی گەورەیان لەو ناوچانە وەردەگرت ( الأزدي، ١٩٦٧ :٢٧٢؛ ئەلخەلیل، ٢٠٠٩: ٨٥-٨٧،٨٩)، کوردیش، یان خۆی یان خاکەکەی، ئامادەیی ئەوەیان تێدابووە کە لە ئاست ستراتیژ و بەرنامە و پلانی ئەو هێز و لایەنانە بن، کە ویستی ئەنجامدانی پیلانگێڕییان هەبوە دژی خەلافەت. زۆرێک لە سەرکردەکانی بزونتەوەی خەواریج، کە دژی دەسەڵاتی ناوەندی بون، ناوچە کوردنشینەکانیان بۆ داڵدەدانی خۆیان و وەستانەوە دژی دەسەڵاتی ناوەندی، جا ئەمەوییەکان بن یاخود عەباسی، بەکاردەهێنا، بەتایبەت ناوچەکانی شارەزور و موسڵ و خۆرهەڵاتی هەرێمی جەزیر و ئازربیجان. ( ابن خیاط،١٩٨٥: ٤٥١).

لەو بزوتنەوە خەواریجیانەی کە دژی خەلافەت هەڵگیرسا، بزوتنەوەی (الفضل کوڕی سعید) کە لەساڵی (١٧٣ک/ ٧٨٩ز) کە ناوچەیەکی فراوانی کوردنشینی گرتەوە لە دەوربەری شاری نوسەیبین (الأزدي، ١٩٦٧: ٢٧٢)، بزوتنەوەیەکی تریش سەریهەڵدا ئەویش بەشێکی زۆری جەزیرەی گرتەوە بەسەرکردایەتیی (ولید کوڕی تەریف الشاری) لەساڵی(١٧٨-١٧٩ک/ ٧٩٤-٧٩٥ز). ئەم بزوتنەوە ناوچەیەکی بەرفراوانی لەهەرێمی جەزیرە و بەشێکی هەرێمی چیا گرتەوە، جێگەی خۆی بەهێزکردن، بەڵام زیاتر خەریکی باج و سەرانەوەرگرتن بون، کەمتر کاریان لەسەر خۆڕێکخستن کرد، بۆیە لەلایەن سوپاسی عەباسی لەنێوبردران. (ابن خیاط،١٩٨٥: ٤٥١؛ الأزدي، ١٩٦٧: ٢٨٠- ٢٨١- ٢٨٢- ٢٨٣). بزاڤێکی تری خەواریج لە ناوچە کوردییەکان بزاڤی (جراش کوڕی شیبان الأزدي) بوو لە خۆرئاوا و باشوری خۆرئاوای هەرێمی چیا لەنێوان ساڵانی(١٨٠- ١٨١ک/ ٧٩٦-٧٩٧ز)، چەند ڕوبەڕوبونەوەکیش لەگەڵ سوپای عەباسی هەبون، بەڵام لەسەردەستی عەباسییەکان کوژرا، سێ ساڵ دواتر واتا لە (١٨٤ک/ ٨٠٠ز)، هەر لە خۆرئاوای هەرێمی چیا بەتایبەتی لە شارەزور سەرکردەیەکی تری خەواریج بەناوی (ئەبو عمرو الشاری)، بزوتنەوەیەکی بەرپاکرد، بەڵام هەرزو سەرکوت کرا (ابن خیاط،١٩٨٥ :٤٥٤؛ الأزدي، ١٩٦٧: ٢٩٩). هەر بەتەنها بزوتنەوەی خەواریج نەبو بۆشایی سیاسیی ناوچە کوردییەکانی بۆ مەرامی سیاسیی خۆی قۆستبێتەوە؛ بەڵکو زۆرێک لە هێز و سەرکردە نارازییەکان لەو قۆناغە سودیان لە توانای مادی و مرۆیی ناوچە کوردنشینەکان وەرگرتووە، بەنمونەی بزوتنەوەی ئیسماعیلی، بزوتنەوەیەکی شیعە بو، بانگەوازەکەشیان بۆ ئیسماعیل کوڕی جەعفەری صادق دەگەڕایەوە بەشێوەیەکی فراوان لە هەرێمیی چیاکان لایەنگیری هەبو، هاوسۆزیی خەڵکی ئەو ناوچانەی بەدەستهێنابوو(الدیلمي، ١٩٣٨: ٢٠).

کورد بەهۆی ئەوەی شوێنی ژیان و ژیاری کەنار بووە، هەروەها کەمتر تێکەڵی گۆڕانکاریی سیاسیی هێزەکانی ناوەند و کەمتریش ڕۆڵی هەبو لە ناوەند، بۆیە بە هەمو شێوەیەک لەلایەن مێژونوسان ناشرین کراوە، تەنانەت بە وەچەی ئاگرپەرست ناویان بردون(البغدادي، ١٩٧٧: ٢٦٦). دەکرێ بەشداریی کورد لەم هەوڵە نارازیانە پەیوەندیی بە دولایەنەوە هەبێت: یەکەم بە هۆی سروشتی کۆمەڵگای  کوردی و بیرکردنەوەیان، کە لەدواتر باسی دەکەین، دووەمیش پەیوەندیی بە هەڵوێستی دەسەڵاتی عەباسی هەبێت، بەرانبەر بە خەڵکی نارازی و ئەوانیش بۆ داڵدەدان، ناوچە کوردییەکانیان وەکو پەناگە و سەرچاوەی ئارامی بەکارهێناوە، هەروەها سودیشیان لە توانای مادی و مرۆیی ناوچەکە وەرگرتبێت، یەکێکش لەو بزوتنەوە نارازییانە بزوتنەوەی بابەکی خوڕەمی بو، مەترسیی گەورەی لەسەر دەوڵەتی عەباسی دروستکردبوو. مەترسیی ئەم بزوتنەوەیە لەوە سەرچاوەی گرتبو؛ خاوەن پێگەیەکی جەماوەریی بەهێز بو، خەلیفەی عەباسی (مەئمون)، بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی بە جەنگ بەسەریدا زاڵبێت و لە ناوچەکانی ئازربیجان پێگەی خۆی قایم کردبو(٢٠١-٢٢٣ک/ ٨١٧- ٨٣٨ز)، تەنانەت لە ساڵی(٢١٨ک/ ٨٣٣ز)، سنوری بزوتنەوەکە فراوانتر بو؛ هەرێمەکانی ئازربیجان و چیا و ئەرمینیاشی گرتەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ هەڕەشەی گەورەبوو لەسەر دەوڵەتی عەباسی(الأزدي، ١٩٦٧: ٣٧٨)، تەنانەت لەنێو ئەم بزوتنەوەیە، جیاواز لە گشت بزوتنەوەکانی تر، کورد دەوری کارای وەکو سەرلەشکری لەم بزوتنەوەیە گێڕاوە، ئەویش عصمەتی کوردی و نەسری کوردی بون. بونی ئەم سەرکردانە و مانەوەی بابەک لەناوچە کوردییەکان و جولەی سیاسی و سەربازیی، بەڵگەی سەرەکین لەسەر ئەوەی کورد لەم بزوتنەوەیە پشکی شێری بەرکەوتووە لە بەهێزکردنی بزوتنەوەی بابەکی خوڕەمی. دوای مەئمون، خەلیفە معتصم توانیی لە ڕێگەی سەرکردەیەکی تورکی بەناوی ئەفشینی لە ساڵی(٢٢٣ک/ ٨٣٧ز)، کۆتایی بەم بزوتنەویە بهێنێت هەریەکە لە بابەک و براکەی دەستگیربکات و ڕەوانەوەی بەغدایان بکات. (ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠: ١٠/ ٣٧٦٦- ٣٧٦٧).

ئەمە ڕوندەبێتەوە کە کردە سیاسییەکان کردەی کوردی نەبون، بەشێکی ستراتیژی ئەو هێزانەبووە، بۆ کورد ئامانجدار نەبوە؛ بەڵکو تەنها خاک و توانای مرۆیی و مادی ناوچەکانیان بەکارهێناون، کورد خاوەندارێتیی لە بزاڤی سیاسی نەکردووە و بە دەسەڵاتی سیاسی ئاشنا نەبوە، چونکە هیچ کردەیەکی کوردی نەی توانیوە دەنگدانەوەی ناوەند بەدوای خۆی دابهێنێت، بۆیە بەشداریی لە کردە سیاسییەکان دژی ناوەند یاخود بونی ئەم کردە سیاسییانە لە خاکی کورد، ئەوانی زیاتر وەکو هێزێکی نامۆ و کەنارگیر هێشتەوە.

## ٤.٢ دوورەپەرێزی و نەبونی شاری گەورە:

شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و هۆکاری ئابوری، کاریگەریی گەورە لەسەر ئاراستەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دادەنێن لە هەر قۆناغێکدابێت، بارودۆخی ئابوریش پەیوەندیی ڕاستەخۆی بە ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و جۆری ئاوەدانیشەوە هەیە، چونکە جیاوازیی گوزەران، جیاوازیی ژیان لە نێو گەلان دەهێنێتەکایەوە (حسن، ٢٠٠٨: ١٥- ١٨-٥٧). گومان لەوەدا نەبوە ئەو ناوچە بەرفراوانەی خاکی کوردان شار و دێهاتی زۆر و فراوانی تێدا هەڵکەوتون، ئەمەش لە سەرچاوەکان بەدیاردەکەوێت، بەتایبەتی لە سەرەتای هاتنی بانگەوازی ئیسلام بۆ ئەم ناوچانە (البلاذري، ١٩٠٠: ١٨٠-١٨١-١٨٢؛ ابن خلدون، ١٩٩٩: ج٤/ ٩٥٥)، بەڵام شار کاتێک گەورە دەبێت و گەشە دەکات کە سەرچاوەیەکی بەهێزی هێز پارێزگاریی لێبکات، یاخود شار خۆی ناوەندی هێزبێت، چونکە شار کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاوەدانی و گەشەی هەمەلایەنی ژیاری لە کۆمەڵگادا هەیە، ئەوەش بەسەر تەواوی ژیانی دانیشتوان و خەڵکەکەی ڕەنگدەداتەوە، چونکە گەشەنەکردنی ئاوەدانی، گەورەنەبونی شار و پوکانەوەی گیانی کێبڕکێی پیشەکارییە، بەواتایەکی تر شار، بناغەی گەشەکردن و بڵاوبونەوەی زانست و ئاوەدانییە(ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٠٧-٢٠٨-٢٦٠)،

کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی پێشناکەون هەتا خەڵکەکەی هەر بەدوای پێویستیە زەروریەکانەوەبن (دیورانت، ٢٠١١: ١/ ٣٧-٤٠). بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیی شوێنگەی ژیانی کوردان، وەکو ناوچەیەکی جوگرافیی سەخت، ئەوەش پەیوەندی سەخت و تێکەڵاوبونیش کەمتر دەکات(اليعقوبي، ١٩٨٨: ٩-١٠)، ئەوەش بەڕونی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤەکان جێدەهێلێت. ئەم سروشتەی ژیان کاریگەری لەسەر ئاکار و تێڕوانین و هەڵسوکەتی مرۆڤ جێدەهێلێت، کوردیش لەم سروشتەی بەبەردابڕاوە (المسعودي، ١٩٨١: ١/ ٥٥- ١٠٥).

دەکرێ کورد هێشتا بەتەواوی نەهاتبێتە ناو چوارچێوەی ئاینی ئیسلام و بەتەواوی موسوڵمان نەبوبن لەم قۆناغەدا، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەو نامۆبونەی کورد داناوە بەرانبەر بەو سیستەم و کلتورە نوێیەی لە ناوچەکانیان بڵاوبویەوە (الخزرجي، ١٩٥٥: ١١). هەڵکەوتەی شوێنی ژیانی کورد، ملکەچنەبون بۆ دەسەڵاتی ناوەندی و نەبونی هەژمونی ناوەند لەسەر تەواوی ناوچەکانیان، وایکردبو ئەوانیش باکیان بە تێکڵاونەبون نەبێت؛ شوێنی مانەوەیان ئەوندە قایم بووە کە دەوڵەتیش نەی توانیبو هەژمونی لەسەریان جێگیربکات(مؤلف مجهول، ١٩٩٠: ١٣)، چونکە بەزۆری خەڵکی گەڕۆک بون، بۆیە شاری گەورەشیان بنیاد نەناوە، تەنانەت ناوچەیەکی وەکو شارەزور، کە بۆ چالاکیی سیاسی تەواو لەباربووە، بەڵام نەبۆتە بناغەی دامەزراندنی شارێک کوردەکان نیشتەجێبکات، بەڵکو وەکو هەوارگەی زستانان لەلایەن خێڵە کوردییەکانەوە کەڵکی لێوەرگیراوە؛ هەزاران ڕەشماڵی هۆزانی کوردی لێ هەڵدراوە(ياقوت الحموي، ١٩٨٠: ٣/ ١٦٥). لەناو کورد چینی دەسەڵاتدار و دەستڕۆیشتو ئەوانەبون کە خێڵی کۆچەر بون و نیشتەجێ نەبون، ئەوانەش هەمیشە بەوپەڕی زاڵبون خەڵکی نیشتەجێبویان دەچەوساندەوە، تەنانەت ئەگەر لە هاوزمانی خۆشیان بون، لەم دۆخەشدا ئەوا هەرگیز هێمنی و ئاسایش بۆ خەڵکی نیشتەجێن نابێت، کاتێکیش خەڵکی نیشتەجێ لە ژیانی خۆی دڵنیانەبێت، ئاوەدانی گەشەناکات، شاریش بنیادنانرێ و ئەو ئاوەدانیەشی هەیە لەسنورێکی بەرتەسکی بێ ئەمان ڕۆژگاری بەڕێدەکات. یەکێک لە شانازییەکانی کۆچەرەکان دژی خەڵکی نیشتەجێ، تاڵان و پەرێز سوتاندن بو (ابن الجوزي، د. ت:١٥/ ١٠٤- ١٠٥؛ رحلة ريج: ٢٠٩-٢١٠)، بۆیەش هیچ پێشکەوتنێک لە خاکی کوردان ڕوینەداوە، لەبەرئەوەی کاتێک مرۆڤ نیشتەجێ دەبێت، کشتوکاڵ دەکات یان  شار بنیاد دەنێت، لە هەموو سەردەمێک ناچارە خۆی فێری پیشەیەک بکات، بەم هۆیەش دەسپێکی گەشەکردن و دواتر کێبڕکێ لەدایک دەبێت(دیورانت ،٢٠١١: ١/ ١٦)

## ٢. ٥ سروشتی کۆچەری و نەگیرسانەوەیی:

کۆمەڵگای کوردی بەسەر چەندین گروپ و تیرە و کۆمەڵی جیاوازدا دابەشبوون، کە لەشێوەی خێڵ و بنەماڵەدا ژیاون (الخزرجي، ١٩٥٥: ١٠؛ ابن خزدابة، ١٨٨٩: ٤٧)، کاتێکیش سەیری بارودۆخی سیاسی لە ناوچە کوردییەکان دەکەین، ڕەنگە زیاتر لە هۆکارێکمان بەردەست بکەوێت، کە کورد خودی خۆی هۆکاری لەم شێوە ژیانە بوبێت. جگە لە پێکهاتەی کۆمەڵگە و سروشتی ژیانی، بەهۆی ئەو بۆشاییە سیاسییەی لەو ناوچەیە هەبوە، ژمارەیەکی زۆر نەیاری ناوەند دژی دەسەڵاتی خەلافەت لەم قۆناغەدا، چالاکییەکانیان دەگواستەوە ناوچە کوردییەکان (ابن خياط،١٩٨٥: ٤٥١؛ الأزدي، ١٩٦٧: ٢٨٠- ٢٨٣)،  چەندین بارەگا و پێگەی سیاسیی خۆیان لێ دامەزراندبو (المسعودي، ٢٠٠٠: ٣/ ١١٠؛ ابن النديم، د.ت : ٣٨٩)، بۆیە ناوچە کوردییەکان بەردەوام بەر شاڵاو کەوتوون، ئەوەش وادەکات، خەڵکی هەست بەستەم بکەن، کاتێک خەڵک هەست بەستەم دەکەن بێئومێد دەبن، بەم هۆیەش دەست لە پیشە و کاری خۆیان هەڵدەگرن، کاتێکیش پیشەکاری بەرەو لاوازی چوو، شارەکان چۆل وێران دەبن؛ خەڵکی لەترسی دوبارەبونەوەی ستەم لێیان ناچارن بچن بۆ شوێنە دورەدەستەکان، هەمیشەش ئەو ڕاستییە خۆی شرۆڤە دەکات و دەسەلمێنێت کاتێک هێزێک نەبێت بۆشاییی سیاسی پڕبکاتەوە؛ ئارامی بونی نابێت، ئەمەش وادەکات خەڵکی بیر لە نیشتەجێبون و ئاوەدانکردنەوە نەکەنەوە؛ زیاتر خەریکی ئەو سروشتە ژیانەبن کە مانەویان مسۆگەر دەکات لەبری ئەوەی لەلایەن هەر هێزێک و بە هەر بیانووێک بێت هێرشیان بکرێتە سەر، بە هۆی ئەوەی نیشتەجێبون بەبێ هەبونی دڵنیایی لە ئارامی و ئاسایش ناکرێ، ئەمەش لە سەرەتاییترین کۆمەڵگا تاکو ناوەندەکانی شارستانیەتیش ڕاستیەکی بێ جەدەلە. ئیبن خەلدونیش جەختی لەو بارودۆخە کردۆتەوە، بەوەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان زۆرترین ستەم و زەلیلییان بەسەردا دەسپێنرێ (٢٠١٦: ١/ ٣٩٢- ٤٠٤ ؛ دیورانت، ٢٠١١: ١/ ١٤-١٥).

دەبینین ئەو باردۆخەش بەڕونی بەرانبەر کوردی نیشتەجێبو ڕویدا، چ لەلایەن تاڵانچییەکان بێت، یاخود لەلایەن هێزەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بێت. لەقۆناغە جیاجیاکان چەندین ڕوداو لە سەرچاوەکان تۆمار کراون(ابن قلانسي، د، ت: ٢١٨؛ الاصفهاني، ١٩٧٩: ٢٠٣؛ الراوندي، ٢٠٠٥؛ ٢٦٠). بەهەبونی دۆخێکی وەها، ناکرێ بیر لە دروستکردنی ناوەندی سیاسی بکرێتەوە، چونکە هیواکان کورت دەبن(ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ١/ ٣٩٢- ٤٠٤) شاخی سەخت و سەرکەشی بەفر و سەهۆڵ وەکو هێلانە و ماڵی کورد وێناکراوە، لە هەمان کاتیش بەهۆی ئەو سروشتە ژیانەی، کورد وەکو دڵڕەق و جگەرئەستور پێناسەکراوە(اليعقوبي، ١٩٨٨: ٩-١٠) زیاتر خەریکی گەڕان و پەیداکردنی پاوان دابینکردنی پێوستیی ئاژەڵەکانیان بوون، ئەوندە بیری گیرسانەوەیان نیە؛ بەپێی وەرزەکان دەگەڕێن و لە ئاوەدانی نزیک نین(المسعودي، ١٩٨١: ١/ ١٠٣). ئەم سروشتە ژیانە کۆچەرییە وایکردووە پابەندی سیستەمی خەلافەتیش نەبن، هەمیشە لەو چوارچێوەیە هەنگاوبنێن کە سروشتی ژیانی ئەوان پێویستی و خوازیاری بووە نەک جیهانی دەوربەر(الجاحظ، ٢٠٠٢: ١/ ١٣٠)، تەنانەت شارەزور، کە زۆریش ناوچەیەکی نزیکبووە لە گۆڕنکارییەکان بەهۆی نزیکیی لەناوەند، بەڵام هەر ئەو سروشتەی ژیانی کوردی بەسەردا زاڵبووە کە وەکو زستانە هەواری خێڵە کوردییەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە (ياقوت الحموي، ٣/ ١٦٥). کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و کۆچەری بووە بەردەوام لە جولەدا بووە، شاری گەورە و گەشەسەندوی تێدا هەڵنەکەوتووە، چونکە کۆچەرەکان زۆرینەی ڕەهابون(شەڕەفخان، ٢٠٠٦: ٢٠-٢٤)، بۆیە هیچ پێشکەوتنێک لە خاکی کوردان ڕوینەداوە؛ لەبەرئەوەی مرۆڤی شار لە گشت سەردەمێک ناچاربووە خۆی فێرە پیشەیەک بکات، بەم هۆیەش دەسپێکی گەشەکردن و دواتر کێبڕکێ لەدایک دەبێت(دیورانت، ٢٠١١: ١/ ١٦-١٧). نەبونی هێزێکی خاوەن ستراتیژ و خاوەن بەڵێن، دروستنەکردنی پەیوەندی لەگەڵ کورد، بەڵکو هەمیشە هێزەکان خەریکی قۆرخکاری و بەتاڵانبردنی سەروسامانی ئەو تاخم و گروپانە بون کە بە لاوازتریان زانیون، بۆیە کە سەقامگیریی سیاسی نەبوو، هەمیشە خەڵکی بێدەسەڵات، لەدەست ستەمکردن، هەوڵی گەڕۆکبون و جێگیرنەبون دەدەن، بۆیە لە باردۆخێکی وەهادا ژیانی کۆچەری پارێزەرە و مانەوەیان مسۆگەردەکات (ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/٣٤٢؛ توفيق، ٢٠١٨، ١١٧-١٢٤-١٤٨-١٥٤-١٥٧).

## ئەنجام:

١-یەکێک لە هۆکارە گرنگ و کاریگەرەکانی نامۆبونی کورد، پەیوەندیی بە شوێن

جێگەی ژیانی کوردان و مێژووی ئەم ڕەگەزەوە هەیە، کە دو هۆکار بە چەندین جار کاریگەری خۆی خستۆتەڕو، ئەویش هەبونی جوگرافیایەکی سەخت لە ناوەندی خاکی کوردان، لێکدابڕانیان و هەبونی مێژوێکی درێژ لە ژیانێکی ژێردەستەیی، پاڵی بە کوردەوە ناوە ئەوندە بە دەسەڵات نامۆبێت، لەو قۆناغە بۆ ویستی دەسەڵاتداری، بە چەند سەدەیەک لە دوای هێزەکانی ناوەند بێت.

٢-هۆکارێکی تری نامۆیی کورد لە ڕوی سیاسییەوە، دابەشبون و کەناربونی لە ڕوداوەکانی چواردەوریان، کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر ژیانی ئەوان هەبو، هەمان ئاراستە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی بنیاد دەنێنەوە و ئاراستە و هێز و هزری گشتگیریان تێدا گەشەی نەکردووە. لە قۆناغەکانی دواتریش دۆخەکە وەکو لێکەوتە بەسەر ژیانی سیاسیی کورد ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەش وایکردووە سیاسەت لە دۆخێکی نائاگایی خۆی فۆرمالیز کردووە و خێڵیش بەردەوام ناوەندی سیاسیی هەرەباڵای کورد بووە، بەمانایەکی تر ناوەندی سیاسیی ئاراستەکار بۆ دەسەڵات و ویستی دەسەڵاتئاواکردن سنوری خێل تێناپەڕێنن و تێکەڵی ململانێی هێزەکان لەپێناو دەسەڵات نەبوە.

٣-هۆیەکی تری نامۆبونی سیاسیی کورد، ڕاستەخۆ واتای بونی ئابورییەکی داخراو و ناوچەیی بەرتەسك و مانەوە لە دۆخێکی سادەدا دەگەیەنێت، چاوی خەڵکیش لەسەر پێویستییە سەرەکی و زەرورییەکانی ژیانی بووە هەمیشە، ئەم دۆخەش نەبۆتە هۆی گۆڕانکاری و دروستبونی شاری گەورە. نەبونی شار واتا نەبونی پیشە و کێبڕکێ پیشە و بونی نامۆیی و داخراوییە گەشانەوەش کەمتر ڕودەدات.

٤-هۆکاری نامۆبونی سیاسیی کورد، کاریگەری ڕاستەوخۆی کردتۆتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی، بەشێوەیەك کوردی لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی هێشتۆتەوە و بەردەوامیی بە پێکهاتەی سروشتی خێڵایەتی و قبوڵنەکردنی یەکتر داوە. ئەمەش وایکردووە، کە هەژمونی هاوزمان و هاوڕەچەڵەکی خۆی بە بچوککردنەوەی خۆی ببینێت و ئاژاوە و ناکۆکی لەنێو کۆمەڵگاکەی بەردەوامیی هەبێ.

٥-بونی بزوتنەوەی سیاسیی وەکو خەواریج لە ناوچە کوردنشینەکان، تاڕادەیەکی زۆر ڕۆڵیان لە زیاتر نامۆبونی کورد بینی، چونکە چالاکیی سیاسی و کردەی سەربازی لە دژی ناوەند، بەپاڵپشتی هێزی مادیی و مرۆیی کورد بوو، ئەمەش وایکرد خەلافەت هەمیشە ناوچەکەی وەکو ناوەندی نەیارانی دەوڵەت سەیربکات و تێڕوانینی نەرێنی هێنابووە کایەوە و کاریگەریی لەسەر نامۆبونی هەبو.

## سەرچاوە و ژێدەرەکان


بەدلیسی، شەرەف خان ( ١٠١١ ک / ١٦٠٣ ز)،(٢٠٠٦). شەرەفنامە و ماموستا هەژار دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر.

تۆفیق، زرارسدیق، (٢٠٢٠). کوردوکوردستان لەڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامیضۆ(١٦-٦٥٦ک/٦٣٧-١٢٥٨ز)،چاپخانەی ماد،تاران

حسن، ئەبوبەکر دێوانە حەمەد، خضر، موسا محەمەد. (پاییزی ٢٠٢٠). هۆکاری ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دژی خەلافەتی عباسی(١٣٢-٢٣٢ک/ ٧٤٩-٨٤٦ز ، گۆڤاری تویژەر، بەرگی٣/ ژمارە٣ .

حەسەن، محەمەد فە ریق. (٢٠٠٨). مینتالێتیی خێل، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر.

دیورانت، ویل ئاریل. (٢٠١١) مێژووی شارستانیەت، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

-طقوش، محمد سهێل.(٢٠١٥). مێژووی دەوڵەتی عەباسیی، چاپخانەی چوار چرا. سلێمانی.

قادر، سە رکە وت سە عدی.(٢٠١١). نامۆیی لە ڕۆمانەکانی ( سەلاح عومە ر )دا، چاپی یە کە م، چاپخانە ی هاشم، هە ولیر.

مستەفا، عیرفان.(٢٠١٨). بونی نەتەوەی کورد، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

-مەحەمەد، کامەران.(٢٠٢٠). کورد بونیادێکی نەخەملیوو، چاپخانەی تاران ، سلێمانی.

ناوخۆش، سلام. (٢٠١٦). کوردستانی ساسانی و کوردستانی ڕۆمانی لەسەردەمی پێغەمبەرو خەلیفەکانی ڕاشدین دا، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر

ئیبن خلدوون(٨٠٨ک/١٤٠٨ز)،(٢٠١٦). موقدیمە، وەرگێڕانی:سعید بەشیر، چاپخانەی گەنجە، سلێمانی.

ئیبن ئەسیر( ٦٣٠ک/١٢٣٢ز)،(٢٠١٠). تەواوی مێژو، وەرگێڕانی: زاهیر محمد ڕەشید، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

ئەلخەلیل، ئەحمەد مەحمود.(٢٠١١). مێژووی کورد لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، وەرگێڕانی: زرار علی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

ئەنوەر. کە یوان ئازاد.(٢٠٠٦). چەردەیەک لە مێژووی کورد چاپخانەیچوارچرا ، سلیمانی.

ابن الجوزي، عبد الرحمن بن علي بن محمد (ت: ٥٩٧هـ / ١٢٠٠م). المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، تحقيق: محمد عبد القادر و مصطفي عبد القادر، دارالكتب العلمية، بيروت.

ابن الساعي، على بن أنجب (ت: ٦٧٤هـ/ ١٢٥٦م)،(١٣٠٩هـ). مختصر أخبار الخفاء، مطبعة الأمير، مصر.

ابن العمري، لإبن فضل الله العمري شهاب الدين أحمد بن يحيى (ت: ٧٤٩هـ /١٣٤٨)،(١٣١٢هـ). التعريف بالمصطلح الشريف، مطبعة العاصمة ، مصر.

ابن القلانسي، أبي يلعي أبي حمزة ابن (ت: 55هـ/ 1160م)،(د.ت). بذيل تاريخ الدمشق، مكتبة المتنبى، القاهرة.

ابن النديم، أبو الفرج محمد بن إسحاق النديم (ت: ٣٨٤هـ / ٩٩٤م). الفهرست، دار المعرفة، بيروت.

أبن خزدابة، أبو القاسم عبدالله بن عبدالله (ت: ٢٨٠ هـ /٨٩٣م)،(١٨٨٩). المسالك واالمالك، دار صادر، بيروت.

ابن خلدون، احمد بن محمد بن محمد بن عبدالرحمان(ت٨٠٨هـ/ ١٤٠٥)،(١٩٩٩). تاريخ ابن خلدون، دارالفكر، بيروت.

ابن دانيال الموصلي، الحكيم بن شمس الدين محمد(ت: ٧١٠هـ/ ١٣١٠م)،(١٩٩٩). دوان ابن دانيال الموصلي، دار القلم، بيروت.

الأزدي، أبو زكريا يزيد بن محمد بن إياس، (توفي ٣٣٤هـ / ٩٤٦ م)،(١٩٦٧). تاريخ الموصل، تحقيق: علي حبيبة، دون مطبعة، القاهرة .

الاصفهاني، عماد الدين لكاتب :(ت: 588هـ/ ١١٩٣م)،(١٩٧٩). سنا برق الشامي، تحقيق: فتحية النبراوى النشرة مكتبة الخانجي، مصر.

البغدادي، عبد القهار بن طاهر (ت: ٤٢٩هـ /١٠٣٨م)،(١٩٧٧). الفرق بين الفرق، دار الآفاق الجديدة، بيروت.

البلاذري، ابو الحسن أحمد بن يحيى بن جابر (ت: ٢٧٩هـ / ٨٩٢م)،(١٩٧٨). فتوح البلدان، دار الكتب العلمية، بيروت.

توفيق، زرارصديق(٢٠١٨). الكرد فى العصر العباسى(١٣٢-٣٣٤هـ/٧٥٠-٩٤٦م) المطبعة شهاب آربيل

الجاحظ، أبو عثمان عمرو( ت: ٢٥٥هـ/٨٦٩م)،( ٢٠٠٢). البيان والتبيين، دار والمكتبة الهلال، بيروت .

حماد،حسن.(٢٠٠٥). الإنسان المغترب عند أريك فروم، مكتبة دار الحكمة، القاهرة.

الخزرجي، مسعر بن المهلهل (ت: 390هـ/ 1000م)،(١٩٥٥). الرسالة الثانية، مطبعة جامعة ، القاهرة.

خليفة بن خياط، أبو عمرو خليفة بن خياط بن خليفة بن خياط الشيباني العصفري (٢٤٠هـ/٨٥٥ز)،( ١٩٨٥). تاريخ ابن خياط، تحقيق:أكرم ضياء، دار طيبة، الرياض.

خليفة، عبد الطيف محمد.(٢٠٠٣). دراسات في سيكولوجية الاغتراب، دار الغريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة

الديلمي، محمد بن الحسن (ت: ٧١١هـ/١٣١١م)،(١٩٣٨). يان مذهب الباطنية وبطلانه، تصحيح ر شتروطمان، استانبول.

الدينوري، أبو حنيفة أحمد بن داود(ت:282 هجري /٨٩٥هـ)،( ١٩٧٠). الأخبار الطوال، تحقيق: عبدالمنعم عامر، مكتبة المثني، بغداد.

الراوندى، محمد بن علي بن سليمان (ت: ٦٠٨هـ/ ١٢٠٥م)،(٢٠٠٥). راحة الصدور وآية السرور في تاريخ الدولة السلجوقية، ترجمة: إبراهيم أمين الشواربي وأخرون، المجلس الأعلى للثقافة ، الجزيرة.

ريچ، كلديو جميس.(٢٠٠٨). ضوء رحلة ريچ، ترجمة: بهاالدين نورى، دار العربية، بيروت.

زيادة، معن.(١٩٨٦). الموسوعة الفلسفية العربية، الطبعة الأولى، مجلد ١ ، معهد التأريخ العربي، بيروت

السيوطي، جلال الدين عبدالرحمان بن أبي بكر(ت: ٨٤٩هـ /١٤٤٥م)،(١٩٦٨). حسن المحاضرة في تاريخ مصر والقاهرة، تحقيق: محمد أبوالفضل، دار احياء، القاهرة.

عبد الله، يحيى.(٢٠٠٥). الاغتراب " دراسة تحليلية لشخصيات الطاهر بن جلون الروائية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

الكوفي، أبي محمد أحمد بن أعثم(ت:٣١٤هـ / ٩٢٦مـ )،(٢٠١١). كتاب الفتوح، تحقيق:على شبرى، دار الضوک، د. م.

مبيض، هبة خليل سعدى.(٢٠١٠). اللاجئون الفلسطينيون بين الاغتراب والاندماج السياسي دراسة حالة مخيم بلاطه" الماجستير في التخطيط والتنمية السياسية بكلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين.

المسعودي، ابوالحسن علي بن الحسن بن علي( ت: ٣٤٦هـ/ ٩٥٧م)،(١٩٨١). التنبيه و الاشراف، منشورات دار مكتبة الهلال، بيروت.

المسعودي، ابوالحسن علي بن الحسن بن علي( ت: ٣٤٦هـ/ ٩٥٧م)،(١٩٨١). مروج الذهب و معادن الجوهر، دارالاندلس، بيروت.

مؤلف مجهول،(١٩٧١). أخبار الدولة العباسية وفيه أخبار العباس وو لده، تحقيق: عبدالعزيز الدوري، عبدالجبار المطلبي، دار الطليعة، بيروت.

مؤلف مجهول،(١٩٩٠). أخبار مجموعة في فتح الأندلسي وذكر أمرائها رحمهم الله والحروب الواقعة بها بينهم، تحقيق: إبراهيم ألبياري، دار الكتاب البناني، بيروت.

النقشبندي، حسام الدين علي غالب.(١٩٧٥). الكرد في الدينور وشهرزور، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، بغداد.

ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله بن ياقوت (ت: ٦٢٦هـ/ ١٢٣٩)،(١٩٨٠). معجم البلدان، دار الفكر، بيروت.

اليعقوبي، أحمد بن اسحاق بن جعفر(ت: ٢٩٣هـ/ ٩٠٦م)،(١٩٨٨). البلدان، دار أحياء التراث العربي، بيروت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp456-463